www.kurdistannet.org
26-5-2003 23:11

# دەسەڵاتی سیاسی کوردی
# لە نێوان هەردوو شەپۆڵی دووەم و سێیەمی مەدەنیەتدا

کامەران مەنتك
kamaran mantik@yahoo. co. uk

-١-

ململانێی نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا، نزیکەی حەفتا ساڵی خایاند، ئەو ململانێیە ڕۆڵی زۆر گەورەی هەبوو لە پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنولوژی بە شێوەیەکی گشتی، بەتایبەتیش بۆ سۆڤیەتیەکان، لەو ماوەیەدا، لە وڵاتێکی کشتوکاڵی، بەخێرایی بەرەو وڵاتێکی پیشەسازی وەرچەرخان. وەلێ دواتر، بەتایبەتیش لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە، بلۆکی ڕۆژهەڵات گەیشتە تەمەنی زورهانی و نەیتوانی چیتر لە ململانێیەکە بەردەوام بێت. هاوکات بووە بارێکی گران و ڕەزا قورسیش بە سەرەتای تەرازووی هێزە نێو دەوڵەتیەکانەوە، ئەوە بوو گۆرباچۆف، توانی وەك وەستایەکی کارامە، ئەو ڕۆبۆتە هەڵوەشێنێتەوە، کە ئەگەر وریایی و وردبینی ئەو نەبوایە، ڕەنگ بوو کارەساتی زۆر گەورەو خوێناوی لە ئەنجامی ئەو هەڵوەشانەوەیەدا، بکەوتایەتەوە.

دوای لە باریەك هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ڕووبەڕووی زۆر گۆڕانی گەورەو خێرابووەوە. ئەگەر چی ڕوخانی ئەو بلۆکە، خۆی لە خۆیدا ئەنجامێك بوو لە ئەنجامەکانی ئەو پێشکەوتنە ئابوری و ئەلیکترونیەی هاتە ئارا، هاوکات ڕۆڵی گەورەو بەرچاوی بینی، لە زێتر خێراکردنی ئەم گۆڕانکاریانەدا. چونکە بەشێکی زۆری تواناکان، کە تەرخان کرابوون بۆ ململانێ لەگەڵ بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا، گوێزرانەوە بۆ بوارەکانی زانست، ئەمەش گورو تینێکی تری دایە ڕەورەوەی پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی.

لە بوارە تیوریەکەوە، دوای نەمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، زۆر بیروراو تیوری سیاسی تر لە دایك بوون. هەندێکیان پێیان وابوو، دوای نەمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، مێژوو لە بەرژەوەندی دیموکراسی لیبرالدا بە کۆتا هات. ئەمەش بنەمابوو لەسەر بیرۆکەی پەیوەندی دیالیکتیکیانەی نێوان گەورە و کۆیلەکەی (السید والعبد) ی هیگل. کە بەند بوو لەسەر بنەرەتی دان بەیەکترنان، هیگل پێی وابوو، مێژوو بریتی بووە لە ململانێی نێوان دوکەس لەسەر ئەوەی دان بەیەکتر بنێن. لە ئەنجامدا یەکێکیان لەم ململانێیەدا ژێر کەوت و بوو بە کۆیلە، ئەوەی تریش بوو خاوەن کۆیلە، واتە گەورەکەی. ئنجا دوای ئەوە ململانێیەکە بەردەوام دەبێت. کۆیلەکە لە پێناو گەڕاندنەوەی بوونەکەی خۆی، گەورەکەش لە پێناو ئەوەی هێزی تری وەکو خۆی، کە حسێوی کەسایەتیو مرۆڤیان بۆ دەکرێت دانی پیانبێن. چونکە کاتێك دانی پیانراو ئەوەی بەرامبەری بوو بە کۆیلە. ئەوا پێویستە ڕوحیەکانی ئەو پڕ ناکاتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو دان پیانانە لە لایەن کەسێکەوەیە، کە لە ئاستی ئەودا نەماوە، بۆیە هەوڵدەدا کەسانی تر دانی پیابنێن لە ئاستی ئەو دابن. دوای شۆڕشی فەرەنسی، هیگل گوتی مێژوو بە کۆتا هات، ئەو ململانێیە لەسەر داپنیانان، گۆڕا بۆ ئەوەی هەموو دان بەمافەکانی یەکتری بنێن. جا کاتێك بلۆکی ڕۆژهەڵات دارما، فوکویاما، هەمان بیرۆکەی خواستەوەو بۆ پێشبینی کردنی داهاتووی بەکار هێنا. باری دارمانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی بە شۆڕشی فەرەنسی چواند و گوتی بەمە مێژوو لەبەرژەوەندی لیبرالدا بە کۆتا هات.

دوای ئەوە بیرۆکەی بەریەککەوتنی شارستانیەکان لەلایەن (ساموێل هنتکتن ) وەوە خرایە ڕوو، هنتکتن ئەوەی ڕەتکردەوە کەوا بە ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات مێژوو بە کۆتا هاتبێت. بەڵکو گوتی ئەمجارەیان ململانێ لە نێوان شارستانیەتەکندا سەرهەڵدەدات. جیهانی دابەش کرد بۆ سەر چەند شارستانیەتێك و هێڵی دابەشکردنی شارستانیەتەکانی دانا، کە بە هێڵی گەرمی ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوانشارستانیەکانی ناوزەند کرد. ئەوەی لە تیورەکەی هنتکتندا زەق بوو. ململانێیەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لە نێوان شارستانیەتی ئیسلامی و شارستانیەتی ڕۆژئاوا دابوو. دوای نزیکەی حەوت ساڵ لە نووسینی ئەم کتێبە، هنتکتن گەیشتە ئەو بڕوایەی کەوا بەریەککەوتنەکە بەتەنیا لە نێوان شارستانیەتی ئیسلامی و ڕۆژئاوایی دادەبێت، واتە شارستانیەتەکانی تری لێ خستە دەرەوە. ئەمەش دیارە پەیوەندیەکی پتەوی بە سیاسەتی ئەمرۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە هەیە. کە گەرەکیەتی شارستانیەتی ئیسلامی بەتەنیا لە گۆڕەپانەکە بهێڵێتەوە.

دوا تیوری سیاسیش، تیوری مەدەنیەتی نوێ، سیاسەت لە شەپۆلی سێیەمدای ئەلڤین و هایدی تۆفلەر بوو. ئەم تیورە بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، مێژووی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی لە قۆناغێکی گوێزرانەوەو وەرچەرخاندایە، لە مەدەنیەتێکەوە بۆ مەدەنیەتێکی تر،

www.kurdistannet.org
26-5-2003 23:11

لە كۆمەڵگای پیشەسازی گەورە و كارگەی دوكەڵ كێشەوە، بۆ كۆمەڵگایەكی كۆمپیوتەری و ئەلكترۆنی. وەك خۆیان گوتەنی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ڕێگادایە، بۆ ئەوەی جیهان ببێتە زنجێكی ئەلكترونی. .

-٢-

ئەو گۆرانانەی بەسەر دنیادا داهات لە هەردوو قۆناغەكەی مەدەنیەتدا، پیشەسازی و ئەلیكترۆنی. لەپاڵ ئەوەی كۆمەڵگای مرۆڤایەتیان، لە رووی پێكهاتەیی تەكنیكی و جوگرافی و كۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی، بە شێوەیەكی نوێ دارشت. هاوكات كاریگەریەكی گەورە و ترسناكیان لەسەر رۆژهەڵاتی ناڤین بە گشتی و كوردستان بەتایبەتی هەبوە و دەبێت! ئەگەر لە روانگەی ئەو مەدەنیەتانەوە سەیری دەسەڵاتی سیاسی كوردی بكەین. هاوكات بروانینە باری دابەش بوونی كوردستان وەك خاك و نەتەوە، بەراوردێكیان بكەین لەگەڵ ئەو گۆرانە خێرایانەی لە رۆژگاری ئەمرۆماندا روو دەدەن. ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كاریگەری داكشان و هەلزنانی ئەو مەدەنیاتانە، بە شێوەیەكی ئاشكرا بەسەر كوردستان و دۆزی كوردەوە دیارە. .

كاتێك لەسەرەتاكانی سەدەی هەژدەهەم. شۆرشی پیشەسازی لە ئەوروپا هاتە كایەوە. وایكرد بەرهەم لە ماوەكانی پێشتر لەو كاتە زۆر زێتر بكات، ئەمەش بوە سۆنگەی ئەوەی لە پێشتریش زێتر پێویستیان بەكەرەسەی خاو بێت، ئەوە بوو دوای شۆرشی فەرەنسی، لە كاتێكدا هەموو ئەوروپا دوچاری تەنگژەی هەڵمەتەكانی ناپلیۆن و هێنانەدی خەونەكانی ئەو مرۆڤە بوو، ئەوەیان لە یاد نەچوو بەشێكی زۆری ئەو ململانێیە بگوازنەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەتیش بۆ كوردستان. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە فەرەنسی و ئینگلیزەكان، دواتریش فەرەنسی و روس و ئینگلیزەكان، پاشانیش لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەڵەمانیش، دوای دامەزراندنی یەكیەتی ئەڵەمانی، وەكو وڵاتێكی پیشەسازی و سەربازی گەورە، هەوڵیاندا لە كوردستاندا شوێنێك بۆ خۆیان لەبەر خۆر بكەنەوە. .

لەپاڵ ئەو هێزە نێو دەوڵەتیانە، عوسمانی و ئێرانیەكانیش. وەك هێزێكی ناوچەیی و هاوكات وەك دەسكەلای ئەو زلهێزانە، كە كوردستانیان بەسەر دابەش كرابوو، لەسەر گۆرەپانی كوردستان، كەوتنە وازی كردن. ئەمەش دیارە كاریگەری گەورەیان لەسەر كوردو چارەنووسی كوردستان هەبوو. كە بەهۆی شوێنە جیوستراتیژیەكەوە، دەكەوتە چەقی ململانێیەكەوە. لە ساڵانی نێوان ١٨٠٠-١٨٥٠، میرنشینە كوردیەكان، كە نمونەی دەسەڵاتی سیاسی كوردی نیمچە سەربەخۆ بوون، بگرە لە هەندێك قۆناغدا، سەربەخۆیی تەواویشیان هەبوو. گەیشتنە ترۆپكی مەزنی و دواتریش هەر هەموویان، كەوتنە نێو بەرداشی ململانێی نێو دەوڵەتی و ناوچەییەكان. بە یارمەتی زلهێزەكانەوە، یەك لە دوای یەك لە ناو بران! بەمەش دەسەڵاتی سیاسی كوردی بە كۆتا هات و كوردستان ڕاستەخۆ لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندوە بەرێوەبردرا. ئەمەش كاریگەریەكی ڕاستەوخۆی شۆرشی پیشەسازی، یاخود وەك تاقلەریەكان ناوی دەنێن شەپۆلی دوەمی مەدەنیەت بوو. چەندەی پیشەسازیش پێشكەوتنی بە خۆیەوە دەبینی، هێندە زێتر ململانێ لەسەر كوردستان چرتر دەبووەوە. ئەمە لە پاڵ ئەوەی بوە بەربەستێك بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سیاسی و قەوارەیەكی كوردی سەربەخۆ. هاوكات زەرەرو زیانێكی ئابوری و گیانی گەورەشی بەكورد دەگەیاند. جەنگی جیهانی یەكەم، كەبەپێی تیوری شەپۆلی سێیەمی مەدەنیەت، بەجەنگی نێوەخۆی ئەندامانی شەپۆلی دوەم، واتە دەوڵەتە پیشەسازیە گەورەكان ناو دەبرێت. كوردستانی گەورە، یەكێك بوو لە گۆرەپانە سەرەكیەكانی بەرەی رۆژهەڵاتی ئەم جەنگە. زۆر شەرێ چارەنوس ئامێز لەسەر خاكی كوردستان روویدا. ئەو كۆست كەوتن و ماڵوێرانیەی لە ئەنجامی ئەم شەرانەدا بەسەر كوردستان داهات، دەیان كتێبی مێژوویی بە خۆوە دەگرێت، دەربارەی جەنگی دووەمی جیهانیش هەمان شت. لەو جەنگەشدا، كوردستان بووە چەقی ململانێیەكە، لەو بۆشاییەی كە لە نێوان هێزی هاوپەیمانەكان، سۆڤیەتەكان لەسەرەوە و ئەمەریكی و ئینگلیزەكان لە خوارەوە پەیدا بوو، دەسەڵاتی سیاسی كوردی، هەوڵی سەربەرزكردنەوەیدا، ئەو قەوارە كوردیە دامەزرا، كە لە مێژووی كوردا بەكۆماری مهاباد ناودەبرێت. بەڵام ململانێش نێوان هێزەكان رێگای نەدا ئەو دەسەڵاتە رەگ داكوتێ و بمێنێتەوە. بۆیە بووەوە بە بابەتی مامەڵەكردنی نێوان دەلالەكانی هەردوو بلۆكی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، ئەنجامەكەشی ئەوەبوو رێگایان نەدا زێتر لە ساڵێك ئەو دەسەڵاتە بەردەوام بێت، ئەگەر چی لەماوەی ئەو سالەشدا، كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر رووداوەكانی ئەو ناوچەیەو بەرێوەچوونی ئەو دەسەڵاتەدا هەبوو. دوای جەنگی دووەمیش، تاوەكو ١٩٩١، دەسەڵاتی سیاسی كوردی. بە شێوەیەكی زۆر دڕندە سەركوتكرا، گەلی كوردیش، دوچاری قڕكردن و جینوسایدی ترسناك بوو، هیچ بوارێكی بۆ نەرەخسا، وەك بوونەوەرێكی تایبەت بە نەتەوەیەكی سەربەخۆ سەربەرز بكاتەوە.

ئەركە مێژووییەكانی خۆی بەرێوەبەرێ‌و، وابكات كوردیش وەكو نەتەوەیەك، بتوانێ لە شەپۆلی دوەمی مەدەنیەتی مرۆڤایەتیدا، رۆڵی خۆی بگێرێت. بەم چەشنە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، كە لە ماوەی شەپۆلی دووەمدا، بەدرێژایی ئەو كاتەی ئەو هێزانە بۆ كوردستان واژی بوونەوە. ( (

www.kurdistannet.org
26-5-2003 23:11

١٨٠٠–١٩٩٠) ) دەسەڵاتی سیاسی کوردی سەرکوتکرا، جۆرەها بەرهەمە نێگەتیڤەکانی ئەم قۆناغەش، کە خۆی لە چەکی گەورەو کۆکوژ دەنوێنێ، لە کوردستان تاقیکرایەوە، لەڕاپەرینەکەی شیخ مەحموودی نەمر بۆ یەکەمین جار بۆمبی ٢٢٠ کیلویی بەکار هات، لە ڕاپەرینی دەرسیم، چەکی کیمیاوی، لە شۆرشی ئەیول، ناپاڵم، لە شۆرشی نوێش، چەکی کیمیاوی بایولۆژی بەکار هات. ئەمە کاریگەریەکانی قۆناغی دوەمی شەپۆلی مەدەنیەت بوو لەسەر کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی کوردی.

–٣–

دوای ساڵی ١٩٩٠، وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، بەهۆی هەرەسهێنای بلۆکی ڕۆژهەڵات و دواتریش داگیر کردنی کوێت لە لایەن ڕژێمی عێراق و بەرپابوونی جەنگی کەنداوی دووەم. هاوشان لەگەڵ ئەو گۆڕانە خێرایانەی لە بواری ئەلکترونیدا هاتە ئارا، گۆڕانێکی سیاسی زۆر گەورەی بەسەر ناوچەکە داهێنا، ئەو گۆڕانە گەورەی بوە سۆنگەی ئەوەی، قەوارەیەکی سیاسی کوردی، هەرچەندە بە جوگرافیا بچووکیش بێت، بەواتا گەورەی لە باشوری کوردستان لەگەڵ خۆیدا هێنا ئارا. لەگەڵ سەر هەڵدانی ئەو قەوارەیەش، دەسەڵاتی سیاسی کوردی، دوای نزیکەی ١٥٠ ساڵ لە دابڕان، هاتەوە بوون، زێتر لە دەساڵە، ئەو دەسەڵاتە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، حوکمی ئەو پارچە ڕزگار کراوەی کوردستان دەکات.

–٤–

لەسەردەمی کۆتایی شەپۆڵی دوەم و سەرەتای شەپۆڵی سێیەمی مەدەنیەتی مرۆڤایەتیدا، وادیارە وەرچەرخانەکان، وەکو وەرچەرخانەکانی شەپۆلی یەکەم بۆ شەپۆلی دووەم، بێ شەڕو شۆڕ نابێت. ڕەنگ بێت شەری تیرۆر ململانێی نێوان شارستانیەکانیش، هاندەرێك، یاخود ئامرازێك بن بۆ بەرپاکردنی ئەو شەرە. بەواژەیەکی تر پەیرەویەك بن لە گوێزرانەوە لە شەپۆلێکەوە بۆ شەپۆلێکی ترا! وەك بەدیار دەکەوێت، شوێنی جیوستراتیژی کوردستانیش، وەك ئەو ڕوداوە گرنگ و یەکلایی کەرەوانەی بە درێژایی مێژوو لەو ناوچەیەدا ڕوویان داوە، دەبێتە چەقی ململانێیەکە. بۆ وێنە ( ( شەڕی فارس و یۆنانیەکان، شەڕی ئەمەوی و عەباسیەکان، شەڕی عوسمانی و فارسەکان، هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دوەم. . هتد) ) . کەواتە کوردستان هەمدیس دەبێتەوە گۆڕەپانێکی گرنگی ئەم شەرە چارەنووس ئامێزە، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە، دوای ئەوەی شەڕی تیرۆر، لەشەڕێك لەگەڵ ڕێکخراوێکی ئاینی توندرەوی سیاسی (ڕێکخراوی ئەلقایدە) ، بۆ شەڕ لەگەڵ دەوڵەتێکی تیرۆرست گوازرایەوە. یەکەم دەوڵەت ڕووبەرووی ئەو هێرشە بووەوە عێراقە، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کوردستان و ئەو دەسەڵاتە سیاسیە کوردیەوە هەیە، دیارە ئەو شەڕە گەورانەی کە لە سۆنگەی وەرچەرخان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر هاتۆتە ئارا، هەروا بە ئاسانی تێنەپەریون و کاریگەری و جێ پەنجەی دیاریان لەسەر نەخشەی سیاسی و جوگرافی دنیادا هەبووە. لە شەپۆلی یەکەمدا، ئیمپراتوریای زل و زەبەلاح دروست بوون، کە بریتی بوون لە هاوپەیمانیەتی نێوان کۆمەلێك دەرەبەگی گەورەو دواتریش کەوتنە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتێکی ناوەندی بە هێزەوە هەوڵیاندا لق و پۆپی زێتر بکەنەوە و پەل بۆ دەوروبەری خۆیان بهاوێژن، لە وەرچەرخان لە قۆناغی یەکەم بۆ قۆناغی دوەم، واتە لە قۆناغی کشتوکاڵی بۆ قۆناغی پیشەسازی، ئەو ئیمپراتوریایانە لە ئەنجامی شەڕەکاندا هەلوەشانەوە، دواهەمینیشیان، ئیمپراتۆریای ئەڵەمانی و عوسمانی بوو، کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دا، دارمان و دابەشکران بۆ سەر چەند دەوڵەتێکی بچووکەوە. کەواتە ئەو گۆڕانانە، گۆڕانی گەورەی لەسەر نەخشەی سیاسی جیهاندا لەگەڵ خۆیان هێنا. لە قۆناغی شەپۆلی دووەمی مەدەنیەتدا، وەك ئاماژەی پێکرا، دیارە ئەم گۆڕانانە بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی کورد لەسەر نەخشەی سیاسی جیهانی شەپۆلی دووەمدا، جێگای نەبووەوە.

کەواتە وەچەرخان لە شەپۆلی دوەمەوە، بۆ شەپۆلی سێیەمیش، دیارە هەمان گۆڕان لەسەر نەخشەی سیاسی جیهانیدا لەگەڵ خۆی دادەهێنێ. سەرەتاکانیشی لەو گۆڕانکاریە سیاسیانە خۆی دەنوێنێ کە لە دابەش بوونی بلۆکی ڕۆژهەڵات و سەرهەڵدان چەند کۆمارێکی تر، بە دیار دەکەوێ. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، قەوارەیەکی سیاسی کوردی دروست بووەو، خەریکە وا ڕەگی دادەکوتێ و چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت لە دوا ڕۆژێکی نزیکدا، ببێتە چەقی ئەو بازنەیەی، کە چارەنووسی زۆر لە وڵاتانی دەوروبەری و ڕۆژهەڵاتی ناڤینی تیادا دیاری دەکرێت. واتە دەکرێت بڵێین کوردستان دەبێتە پێگەی شەپۆلی سێیەم، بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی ئەو شەپۆلە لەگەڵ خۆیدا بۆ سەر نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەیهێنێ. . ! ! !

–٥–

لەبەر ئەوەی کوردستان، لە قۆناغی شەپۆلی دوەمدا لاتەریك و پشت گوێ خرا، لە هەموو ڕووەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی. . هتد، هەر لە قۆناغی شەپۆلی یەکەم مایەوە، واتە کوردستان هەر بە وڵاتێکی کشتوکاڵی دواکەوتوو مایەوە، لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە لە هەموو پارچەکاندا، ڕێگای

ئەوەی لێ گیرا، بەرەو شەپۆلی دووەمی مەدەنیەتدا هەنگاو بنێ، بۆیە ئێستا دەتوانین بڵێین، لە رۆژگاری ئەمرۆماندا، کوردستان لە بارێکیدایە، تازە خەریکە بۆ قۆناغی دووەم هەنگاو دەنێت، سەدان بەربەستی ناوخۆو دەرەکیشی بۆ چێکراوە. چ لەلایەن وڵاتانی دەوروبەر. کە ئەگەر بکرێ بڵێین لە نیوە رێگای شەپۆلی دووەمدان، چ لەلایەن پاشماوەکانی ناوەخۆو دەرەکی شەپۆلی یەکەم، کە تائێستا بە دیدو بۆچوونی سەردەمەکانی بەر لە هەزارو شتێك پێش ئێستا سەیری دۆزی کورد دەکەن. لە ئەنجامی ئەمەدا دژایەتیەکی زەق لە کوردستان دێتە ئاراوە، رەنگە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کوردستان هەبێت و دەسەڵاتی سیاسی کوردیش، بخاتە نێو گێژاوی تەنگژەو جۆرە شلەژانێکەوە. ئەمەش خۆی لەو پرسیارەدا دەدۆزێتەوە، کە هێشتا کوردستان نەپەریوەتەوە شەپۆلی دووەم، چۆن دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ شەپۆلی سێیەمدا بکات؟ دەسەڵاتی سیاسی کوردی، کە ماوەی نزیکەی ١٥٠ ساڵە، بە شێوەیەکی ترسناك سەرکوتکراوە، چۆن دەتوانێت لە ئاستی گۆرانکاریەکانی ئەو شەپۆلە دابێت، کە زلهێزەکانی دنیای خستۆتە قەیرانێکەوە و لەبەری هەڵدەلەرزن. ئەو وڵاتانەی کە لە رووی تەکنیکی پێشکەوتنەوە گەیشتوونەتە چلەپۆیەی شەپۆلی دوەم و لە رووی سیاسی و سەربازیشەوە یاریزانی گەورەی سەرگۆرەپانی نێو دەوڵتین؟!

ئەگەر ئێمە بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە ماوەی رابردوو کوردستانی تیادا ژیاوە، نەمانتوانیبێ بەشداری لە شەپۆلی دووەمی مەدەنیەتدا بکەین، کە ئەمەش رەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤانەی هەیە لەسەر ئاستی رۆشنبیری و کەلتوری و ئابوری. هتد گەلی کورد، هاوکات رۆڵیکی پۆزەتیڤانەش دەبینێ. کە ئێمە هێشتا بەشێوەیەکی کاریگەر نەکەوتووینەتە ژێر باری گرانی ئەو قۆناغەو واپێیەوە لکابین، نەتوانین لێی جۆیبینەوە، بۆیە دەتوانین، بەشێوەیەکی ئاسانتر لەزۆر وڵاتانی تر تێکەڵ بەو قۆناغە نوێیە بین و سوودی لێ وەربگرین. واتە کورد لە کاتێکدا کەم و کوری تەکنیکی و ئەبستمولوژی هەیە بەرامبەر قۆناغی دووەم. هاوکات خاڵیشە لەو کۆسپ و تەگەرانەی قۆناغی دووەم لەبەردەم شەپۆلی سێیەمدا چێی دەکات. بەو پێیە کوردستان زەمینەیەکی تارادەیەك لە بار دەبێت، بۆ پێشوازی کردنی شەپۆلی سێیەم، کە تا رادەیەکی زۆر گۆرانی گەشبینانەی بۆ کورد بۆ خۆوە گرتبێت!

–٦–

بڕی ئەو ئازادیەی ئەمرۆ لە سایەی دەسەڵاتی سیاسی کوردیداهەیە، ئەگەر چی تاوەکو ئیستا نەتوانراوە وەکو پێویست رێکبخرێ و سوود لەو هێزە وەربگیرێ کە بەخشیویەتی، واتە نەتوانراوە بە شێوەیەکی بەرنامە دارێژراو سوود لەو ئازادیە وەربگیرێ، چ لە لایەن جەماوەر، چ لە لایەن دەسەڵاتە سیاسیەکە خۆیدا، لەگەڵ ئەوەش، ئەگەر لە رووی پێشکەوتنەکانەوە بەراوردێك بکەین، سەرباری کەم و کوری بارە نێگەتیڤانەکەی مرۆڤی کورد، دیدێکی واقعیانە بە ئاسانی ئەوە دەردەخات، کە جیاوازیەکی گەورە خەریکە لەگەڵ گەلانی دەوروبەر پەیدا دەبێت و چوست و چالاکانەتر لەگەڵ مەدەنیەتی شەپۆلی سێیەمدا تێکەڵ دەبێت. ئەم تێکەڵ بوونەش، ئەژواری و ئاستەنگێکی گەورەی لەبەردەم دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا قیت کردۆتەوە و قیت دەکاتەوە! واتە دەسەڵاتی کوردی، لەپاڵ کەم ئەزموونی و ئەو داوو تەپکانەی دوژمنانی کورد لەناوەوە و دەرەوەدا بۆی دەنێنەوە، لەپاڵ کەم و کوریە مەعریفیەکانی شەپۆلی دووەمی مەدەنیەت، لەپاڵ شوێنەوارو کاریگەرێتیە جێماوەکانی شەپۆلی یەکەم. رووبەرووی لایەنە پۆزەتیفەکانی شەپۆلی سێیەم بوەتەوە، کە ئەویش بە کۆمپیوتەر بوون و ئەلکترون بوونی کوردستانە! دیارە ئەمرۆ کۆمپیوتەر لەچەند لایەکی سنوورەوە بەلێشاو دێتە کوردستان، خەریکە تۆری ئەنتەرنێتیش، پێ دەخاتە نێو ماڵەکانەوە، ئەگەرچی لە قۆناغی ئێستادا، بەهۆی باری سست و لاوازی ئابوری، لە ئاستی خۆزگەکاندا نیە، وەلێ هەنگاوێکی گرنگیشی بریوە! ئەگەر باری سیاسی و ئابوری کوردستان دوای لێدانی عێراق تۆزێك سەقامگیرتربێت. ئەوا رەنگ بێت بەماوەیەکی زۆر کەم و بەخێراییەکی سەر سورهێنەرکۆمپیوتەر هەموو ماڵێك بگرێتەوە. لەبەر ئەوەی لەلایەك کوردستان بنەمای ئابوریەکی بە هێزی هەیە، لەلایەکی تر عەقلی نووستووی کورد خەریکە هوشیار دەبێتەوە. ئەو گۆرانانە لە نێو جەماوەردا بە خێراییەکی زۆر چاوەڕوان نەکراو روودەدا، رەنگە ئەگەر بەوردیش لێی رانەمێنری، دەستەمۆ نابێت و بەدیار نەکەوێت! ئەو گۆرانە خێرایانە وایانکردووە، مرۆڤی کوردیش، وەك مرۆڤی زۆربەی وڵاتە پێشکەوتوەکان، بەر لەدەسەڵاتی سیاسی زێتر ئاگاداری زۆر شت بێت، ئەو زانیاریانەی دەربارەی رووداوەکان بەدەستی دەهێنێت، لەزانیاریەکانی دەسەڵات زۆر تر بێت، بۆیە تێبینی و بۆچوونەکانی بۆ دەورو بەر دەشێ لە دەسەڵات وردتر دەبێت، ئەمەشە وادەکات کە شەقامەکان لەدەسەڵات زووتر هەست بەمەترسیەکان بکەن و کاردانەوەیان هەبێت. کە ئەمەش دابرانێك لە نێوان ئەو دولایەنەدا (جەماوەرو دەسەڵاتی سیاسی) دروست دەکات. بۆیە جۆرە لەنگیەك لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت، ئەم لەنگیە کار لە شێوازی بڕیارەکان و چۆنیەتی دەرکردنی بڕیارەکان دەکات، کار لە جۆرەکانی دەسەڵات دەکات. بۆ وێنە ئێمە کە بانگەشە بۆ پەرلەمانێکی ئازاد دەکەین. کە نوێنەرایەتی راستەقینەی گەل بێت، ئەم پەرلەمانە لە شەپۆلی سێیەمی مەدەنیەتدا رۆڵی کز دەبێتەوەو باوی

نامێنێ! بەهۆی خێرایی پێشکەوتنەکانی خەڵکەوە، بە کۆکردنەوەی ئەو هەموو زانیاریانە راناگات، کەبەهۆیەوە بتوانێ دەنگی ئەو کەسانە دەربڕێت کەدەنگیان پێیداوە، هاوکات خەون و خۆزگەکان، واتە داواکان، بەشێوەیەکی هێندە خێرا لەگۆڕاندن، هێشتا یەکێکیان جێبەجێ نەکراوە، بەدەیان داوای تر، وەك پێداویستی و پێویستی گرنگی ژیاری و ڕۆژانە سەرهەڵدەدەن، بۆیە ئەو روە کۆنانەی لەنێو دەسەڵاتی سیاسی کوردیدان، یادەبێت خۆیان نوێ بکەنەوە، بەمەرجێك ئاستی نوێ بوونەوەکەشیان لەئاستی نوێ بوونەوەی جەماوەرەکەیان دابێت، تاوەکو بەبەردەوامی پێشەنگی ئەوان بن، کەئەمەش کارێکی رژدو ئاستەنگە، یاخود دەبێت، شوێنی خۆیان بۆ روە نوێیەکانی شەپۆلی سێیەم چۆل بکەن و بچنە نێو لاپەرەکانی مێژووی مەدەنیەتی دوەمەوە. کەئەمەش ئەو راستەقینە چارەنووس ئامێزە دێنێتە بەردەم دەسەڵاتی سیاسی کورد، کە پێویستە بەخێرایی پۆستەکان بگۆرێت، جێگاکان بەخەڵکی پسپۆرو خاوەن توانا پڕبکاتەوە. لەبەر ئەوەی پسپۆری و خاوەن توانایش، بەهۆی خێرایی گۆڕانەکانەوە، ئەگەر بەردەوام خۆیان نوێ نەکەنەوە، زووتر کۆن دەبن، کۆن بوونی ئەوانیش هەمدیس دەبێتە ئاستەنگێك لەبەردەم دەسەڵاتی سیاسیدا، بۆیەلەم قۆناغەدا، باشتر وایە دەسەڵاتە سیاسی کوردی، هەوڵبدات، سوود لەتوانای ئەقڵی و دانایی وەربگرێت، کە سەرمایەکی لەبن نەهاتووی ئەم گەلەن، تاوەکو بتوانێ بەرەو رووی ئەو ئاستەنگ و ئەژواریانە بێتەوە کە چاوەڕوانیەتی. . .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.